ئەنتۆنیو گوتیرێس پەیامێکی عەبدوڵا ئۆجەلان بە تروسکەی هیوا ناو دەبات



ئەنتۆنیو گوتیرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان "پێشوازی" لە پەیامێکی عەبدوڵا ئۆجەلان کرد و بە "تروسکەی هیوا" ناوی برد.

ستیفان دوجاریک، گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە زاری سکرتێری گشتییەوە گوتی، داواکارییەکەی ئۆجەلان سەبارەت بە چەکدانان و هەوشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ململانێیەکی لەمەژینە.

ستیفان دوجاریک، گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەشی گوت، "ئەمینداری گشتی پێشوازی لەو پێشهاتە گرنگەی تورکیا و پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرکردەی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، داواکارییەکەی بە چەکدانان و هەوشاندنەوەی پارتەکەی تروسکەی هیوایە و دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ململانێیەکی دەرین".